Revolutionareis Union of Kurdistan

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

# ڕێورەسمێک بۆ ڕێزگرتن لە 60هەمین ساڵی دامەزرانی کۆماری کوردستان

بە گەڕانەوەی 2ی ڕێبەندان، 60 هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی دەوڵەتی کۆماری کوردستان، ڕێورەسمێک بۆ پیرۆز کردن و یادکردنەوە و ڕێزلێنان لەو کۆمارە و دامەزرێنەران و شەهیدەکانی، لە یەکێ لە بنکەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، پێکهات. ڕێورەسمەکە لە ژێر ئاڵای شەکاوەی کوردستان و بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب دەستپێکرد و بە دوای پەخشانە شێعرێکی هەست بزوێندا، بەڕێز سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، وتەیەکی پێشکەش کرد.

هەروەها وتەی دایکی شەهید سەعید و پەیامی ڕێکخراوی ئازادیی ژنان و لاوانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، خوێندرانەوە. ناواخنی ڕێورەسمەکە، شێعر و پەخشان و سروودی نەتەوەیی بوو.



بەڕێز کاک حسەین یەزدانپەنا لە وتەکەیدا بە ئامازە بە ناوەرۆکی کوردستانیی کۆمار وتی:" ئەو کۆمارەی لە مهاباد دامەزرا، ئەگەر بە قەوارەی جوغرافیایی لە ناوچەیەکی کەم و بەرتەسکی کوردستاندا بوو، بەڵام بە ناوەرۆک و ئامانج و خەونەکانی کۆمارێکی کوردستانی بوو، نەک هەر بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان." بەڕێزیان لە درێژەی وتەکانیدا ئاماژەیان بە پیلانی دوژمنان بۆ ناوزڕاندنی کۆماری کوردستان کرد و وتیان: " دوژمنانی کورد حەولیانداوە مێژووی ئێمە بشێوێنن و زۆرجار کۆماری کوردستانیان بە دەسکرد و دەسنیای بێگانە داناوە. بەڵام کۆمار ڕووداوێکی کتوپڕ نەبوو. هەر ئەو ڕۆژهەڵاتی کوردستانە پێشتر شۆڕشی گەورەی نەتەوەیی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهریی بۆ ڕزگاریی هەردوو دیوی کوردستان و شۆڕشی سمکۆی بە خۆوە دیتبوە کە 20 ساڵ بەرانبەر بە ڕەزاشا ڕاوەستا و خەباتی کرد و ئەو ناوچانەی کە تەماحی ئەوەیان لە سەر بوو لە کوردستان دابڕدرێن، بەو خەباتە "بیمە" کران. بۆیە کۆماری کوردستان هەڵقوڵاوی ئاوات و ئارەزووەکانی نەتەوەی کورد بوو و پشتیوانی کوردی پارچەکانی دیکەی لێی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ. هەروەها، ئیرادەی ئەمڕۆ خەباتگێڕانی کوردیش بۆ ئەوەی ئامانجە وەدینەهاتووەکانی کۆمار وەدیبێنن دیسان بەڵگەیەکی بەهێزی ڕەسەنایەتی ئەو کۆمارەیە". هەر لە درێژەی ئەو باسەدا بەڕێزیان وتیان: " لەلایەکی دیکەشەوە کۆماری کوردستان سفرەیەکی حازر و ئامادەکراو نەبوو بۆ کورد، شتێک نەبوو، بە دیاری پێشکەش بە کورد کرابێ، یان بە دوور لە زەحمەت و تێکۆشان ئامادە کرابێ، بەڵکوو بەری ڕەنج و خەبات بوو، بەری کۆڵنەدان بوو. ئەمڕۆش ئەوانەی کە کۆماریان پێ ڕووداوێکی گەورەیە، دەبێ بزانن وەدیهاتنی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان لە لایان کەسەوە پێشکەشی ناکرێ و بەخۆڕایی نایەتە بەردەم کەس، بەڵکوو دەبێ خەباتی شۆڕشگێڕانەی بۆ بکرێ و ڕۆڵەی ئازا و کۆڵنەدەری کورد پێشەنگی وەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە بێ، نەک کەسانێک کە ئامادە نین لە پێناو ڕزگاریی و بەختەوەری میللەتەکەیاندا هیچ تاڵی و سوێرییەک بکێشن و تەنیا بۆ خۆپێوە ڕانان و ناو دەرکردن لە ڕیزی پێشەوەدان".

بەڕێز کاک حسەین یەزدانپەنا ئەو پرێنسیپە سیاسی و ئەخلاقییەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانی جارێکی دیکە رایگەیاندەوە کە: " ئیمە وەک حیزبێکی نەتەوەییی کە خۆمان بە میراتگری هەموو رێبەرانی شەهیدی نەتەوەکەمان دەزانین و خۆمان بە خوێن ئەستینی هەموو رێبەرانی شەهید و یەک بە یەکی ئەو رۆڵە کوردانەی کە لە سەردەمە جیاوازەکاندا، بە دەستی دوژمنانی ئەم نەتەوەیەوە شەهید بوون دادەنێین، کۆماری کوردستان پیرۆزیی خۆی هەیە و خۆمان بە یەکێ لە درێژەدەرانی ئامانجەکانی ئەو کۆمارە و شەهیدەکانی دەزانین. هەر ئەوەش بوو کە 14 ساڵ لەمەوبەر راست لە رۆژی دووی رێبەنداندا، ئاڵای کوردستان، یەکێ لە یادگارە پیرۆزەکانی ئەو کۆمارەمان هەڵکردەوە.".

سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، بە ئاماژە بە زەرووڕەتی داننان و سەلماندنی دەسکەوت و سەروەرییەکانی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لە لایان یەکترەوە و دەوری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە کۆماردا وتی:" وەک واقعیەتێکی میژووی، یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، دان بەوەدادەنێ کە کۆماری کوردستان؛ دامەزراندن و بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی حیزبێکی سیاسی کوردستانی لە پشت بوو کە ئەویش حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو؛ کە ئەمڕۆ یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و ئەو حیزبە دوو حیزبی نەتەوەیی خەباتگێڕ و جێ هیوا و ئومێدی خەڵکی کوردستانن ئەو راستییەش هیچ لە گەورەیی کۆماریی کوردستان کە ئەزموون و کۆماری هەموو رۆڵەکانی نەتەوەی کورد بوو، کەم ناکاتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە، پابەندی بەو کۆمارە و خۆشەویستی و درێژدان بە رێگاکەی تەنیا نابەستینەوە بە لایەنێک و دوولایەنی سیاسی و وەکوو ئاوێکی خاوێنە کە هەموو رۆڵەکانی نەتەوەی کورد بە هەر ناو و نیشانێکەوە بە مەرجی پاراستنی نێوەرۆکەکەی دەتوانن ئاوی لێبخۆنەوە".

دەقی وتەکانی بەڕێز کاک حسەین یەزدانپەنا، بە دەنگ لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاو دەکرێتەوە.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

5/رێبەندانی/2705

25/ژانویەی/2006


www.ruk2691.com

www.rukusa.com

Email: ruk2691@yahoo.com کوردستان (ناوەندی)

Email: ruk_usa@yahoo.com -TEL: 202-492-3235, 519-489-0162, 703-286-5389 ئەمریکا

Email: ruk.europa@betuwe.net - TEL: 0031263252693- Fax: 0031263252157 ئوروپا

HEWLER: TEL:2226682 - Mobil: 4480467

SILEMANI: TEL: 3189462 Mobil: 07702540203